


## گشت ڕەنگی جیهـ

پێنووسـە ڕەنگییەکان (قەلەم ئەلوان) بۆ قوتابیان یەکێکە لە کەرەسـە گرنگەکان،، پێنووسـە ڕەنگییەکان ١٢ ڕەنگی و ٢٤ ڕەنگیـان هەیـە، بـەڵام ئەگـەر بڵێین یـەك قەڵەم ڕەنگی هەیە کە بە تەنیا خۆی ١٦ ملیۆن ڕەنگ یان بە واتایەکی دیکـە گشـت ڕەنگەکانـی جیهـان لەخـۆی دەگرێـت ڕەنگـە جێگای تێڕامان بێت.. بەڵێ پێنووس ڕەنگی cronzy تەنیا یەك پێنووسە بەڵام هەر ڕەنگێك بتەوێ پێی دەنووسی..

کارکردنـی پێنووسـی ناوبـراو بـەم جۆرەیـە، سـکانێرێکی



## مەچەکبەندێک بۆ نەهێشتنی تیشکە زیانبەخشەکان



ئەگـەر ڕاسـتەوخۆ تیشـکی هەتـاو بکەوێتـە جەسـتەت ئـەوە تووشـی سـووتانەوە و پێسـت ڕەش بـوون دەبێـت هۆکارەکـەی بۆ گەرمییەکـە نییـە بەڵکـو بۆ تیشـکێکە بەنـاوی تیشـکی UV کـە جەسـتەت ڕەش دەکات. هەربۆیـە دەبێـت کرێمـی تایبـەت بـە دژی ئـەم تیشـکە کـە بـە کرێمـی دژە خـۆر ناودەبرێـت بەکار بهێنرێت.. کەچی ئێسـتا بـە مەچەکبەندێکییـش دەکرێت بەرگری بکەی لەو تیشکە زیان بەخشە..

مەچەکبەنـدی sunZee ڕۆڵـی کرێمـی دژەخـۆر دەگرێـت، بەتایبەتی ئەوکاتانـەی وەرزشـی شـاخەوانی و مەلەوانـی دەکـەی. دەسـتبەندەکە کرێمی دژە خۆر لەخۆیدا هەڵدەگرێت و لەکاتـی پێویسـت ڕاسـتەوخۆ دەیخاتـە نـاو پەنجەکانـی بەکارهێنەر..



## بە هەموو شتێک مۆسیقا لێبدە

لە سـەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا بۆ لێدانی ئاوازێك یان پارچە مۆسـیقایەك پێویسـت ناکات ئامێرێکی گرانبەهای هەڵبگری، دەکرێت لە مۆبایلەکەی خۆشت سوود وەربگری.. نە تەنیا ئەوە بەڵکو بە ئامێری تایبەت بە مۆسیقا لێدان وەك (mogees play) دەتوانی لەسـەر هەموو شـوێنێك مۆسـیقا لێبدەی..ئامێرێکە زۆر بچووکە بەقەد دینارێکی ئاسـنی کۆن دەبێت، هەر ئەوەندە بەسـە کە ئەو بازنەیە لەسـەر بالیف، مێز، گلاسـی ئاو، تەنانەت شووتی و گندۆرە و تەپلی سەری خۆشت دابنێی و دەست بکەی بە مۆسیقا لێدان!!!

ئامێـری (موجـی پلـەی) لەسـەر هەر ئامێرێـك دابنێی بە خێراییەکی زۆر دەیناسـێ و دەنگێکی تایبەت بەو ئامێرە دەردێنێ، بۆ نموونە ئەگەر لەسەر شووتی دابنێی دەنگی دەهۆڵ دەردێنێ..






# ـــــــان لە پێنووسێکدا

تایبەتی هەیە لە ماوەی چەند چرکەدا ئەو رەنگەی کە لە سروشت و دەوروبەردا پێویستی بەکارهێنەرە سکان دەکات و پاشان بە هۆی سیستەمێك و کارتریجێکی رەنگ لەناوخۆیدا دەتوانی ئەو رەنگە دروست بکات کە مەبەستتە..

بۆ سوود وەرگرتن لە پێنووسەکە دەبێت ئەپلکەیشینی تایبەتی خۆی لەسەر مۆبایلەکەت دابەزینی و رەنگی پێویستت دیاری بکەی.. ئەپلکەیشنەکەی بۆ هەموو جۆرە سیستەمێکی مۆبایل هەیە..





## مۆبایلی ئایفۆن و کامێرای ٣٦٠ پلەیی

کامێراکانی تایبەت بەوێنەگرتنی هەر چوار دەوروبەر لە یەك کاتدا واتە وێنەی ٣٦٠ پلەیی دەمێکە بوونەتە باو، هەرچەندە هەردوو کۆمپانیای ناسراوی ئێل جی و سامسۆنگ لەمێژە کامێرای جۆری Gear 360 و LG CAM یان خستۆتە بازارەوە، کۆمپانیای ئەپلیش هەوڵی خۆی لەو بارەوە داوە و بۆ مۆبایلی ئایفۆن کامێرایەکی تایبەتی دروستکردووە کە بە کامێرای جۆری Insta360 nano ناسراوە ئەم کامێرایە لەگەڵ ئایفۆن ٦ و ئەوانی سەرووتر دەگونجێت.. کامێراکە بە پشتەوەی مۆبایلەوەکەوە پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە دەتوانرێت بە گۆشەی ٣٦٠ پلە وێنە بگری.. کامێراکە خۆی باتری و میمۆری خۆی لەگەڵدایە و بۆ وێنەگرتن پێویستی بە وزە و میمۆری مۆبایلەکە نابێت، هەروەها دەتوانێت بە کوالیتی ٣٠٤٠ پلە و بە خێرایی ٣٠ فرێم لە چرکەدا وێنە بگرێ..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەشی ئایتی گۆڤارەکەمان دەپرسێت، راستی backup چییە، لە کۆمپیوتەر یا مۆبایلدا چ کات پێویستم بە backupە؟**

خوێنەری بەڕێز backup بەمای لەبەرگرتنەوە و هەڵگرتنی گشت ئەو زانیاری و داتایانەی لـە کۆمپیوتـەر یـا مۆبایلدا هەیە، بەداخەوە کەم کەس هەیە گرنگی بەکئاپ بزانێت، چونکە بۆ ئەوکاتانـەی بەهـەر هۆیەك وەك ڤایرۆس، یـا هەڵەیەکی بەکارهێنەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل تێکبچێت بە ئاسانی دەکرێت گشت فایل و داتاکان بگەڕێینەوە بەو مەرجەی پێشووتر backup کرابێت.





## مۆبایلێک بە دیزاینێکی زۆر جیاواز

مۆبایلەکان کارکرد و توانایيان هەر جۆرێك بێت دیزاینەکان زۆر لێك نزیکە.. بەڵام بۆ مۆبایلی (runcible) تەواو جیاوازە.. ئەگەر ئەو مۆبایلە لە پشتەوە لە دەست بگری تەنیا پارچە دارێکی بازنەیی بریقەدار هیچی دیکە نابینی، بەڵام گەر بیسوڕێنیەوە شاشەیەکی ٢,٥ ئینجی دەردەکەوێت. مۆبایلی (رانسیبل) یەکەم مۆبایلی بازنەییە کە تێکەڵاوێك بێت لە هونەر و تەکنەلۆژیا..

یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی مۆبایلی ناوبراو لە جۆری ٤١٠ کوادکورە، رامەکەی یەك گێگابایتە. سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، گشت ئەو ئەرکانەی مۆبایلێکی هۆشمەند ئەنجامی دەدات ئەویش ئەنجامی دەدا..



## سایتێک بۆ کۆکردنەوەی لینکی زانیارییەکان

زۆربەمان حەز دەکەین گشت ئەو شتانەی لە ئینتەرنێتدا بەدوایدا دەگەڕێین لە سایتێکدا بیدۆزینەوە و پێویست نەکات سایت بە سایت بەدوایدا بگەڕێین.. سایتی ڕاست بۆ گەیاندنی ئەو ئامانجەیە، لەو سایتەدا ئەوەی مەبەستە لە زانیاری و فێربوون وەك: تەکنەلۆژیا، شێوەی ژیان، وەرزش، سیاسی، ئابووری..تاد لینکەکانیان لەو سایتەدا هەیە. هەروەها دواین لینك لە سایتە گرنگەکان لەو سایتەدا دادەنرێن. سایتەکە ئەو تایبەتمەندییەشی هەیە کە دەتوانی زانیارییەکان لەگەڵ هاوڕێیانت هاوبەش بکەی، دایانبەزینی و کاتی دیکە بیانخوێنیەوە و گەلێك تایبەتمەندی دیکەش..

## بەهێزترین پرۆگرامی ئارایشی ڕووخسار

پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە کاری ئارایش و ڕووتوشکردنی وێنە، گەر بە دوای پرۆگرامێکی باش و تەواودا بۆ ئارایشگەریدا دەگەڕێی، پرۆگرامی لە ریزی پرۆگرامە هەر باشەکان دێت، ئەو پرۆگرامە زیاتر تایبەتە بە خانمان و بەو هەموو ئیمکاناتەی هەیەتی و هەروەها چەندین پاڵتی جۆراوجۆر بۆ وێنە دەتوانی بە دانانی وێنەیەکی بێ ئارایش وەك ئەوە لێبکەی کە لە ئارایشێکی تەواو کرابێ و کەسەکە لە ئارایشگا ئەوانەی کردبێ. وەك هێڵی دەم و چاو، ڕەنگی چاو، ڕەنگی پێست، سڕینەوەی پەڵە و خاڵەکان. گۆڕینی ڕەنگی موو و تەواوی گۆڕانکاری تایبەت بە ڕووخسار. پرۆگرامەکە بۆ وێنەگران و ئەوانەی کاری گرێم دەکەن لە فیلمدا دەکرێت وەك پرۆگرامێکی بە سوود سەیر بکرێت.



## مۆبایل و پێوەر

مۆبایل ئیدی لە چوارچێوەی جارانی خۆیدا نەماوە، چونکە بەشێك لە مۆبایلەکان کامێرایەکی بەهێزن، هەندێکیان شوێنی کۆمپیوتەریان گرتۆتەوە.. کاتژمێر و ڕادیۆ و تیڤیش چی وای نەماوە باوی نەمێنێ.. جگە لەوانەش ئەرکی دیکە بەهۆی ئامێری بچوکی دیکە کە لە مۆبایل پەیوەند دەدرێن بۆ مۆبایل زیاد بوونە.. بۆ نموونە وەك جاران بۆ پێوان مەودایەك پێویست بە فوتە و ڕاستە نەماوە.. وەك ئامێری Ipinruler تایبەتە بە مۆبایلی ئایفۆن.

ئامێری ناوبراو بچووکە و لە شوێنی کێبڵی دەنگ لە ئایفۆن دەخرێت. تیشکی لەیزەری هەیە تیشکەکە بەهەر شوێنێك بکەوێت مەودای ئەو شوێنە دیاری دەکات، دەتوانێت پێوانەکان بە سانت، مەتر، ئینج و فوتە دیاری بکات.

